# لەژێر شەپۆلەکانی خۆردا



سەرهەنگ حەمەساڵح
xamosh_s@hotmail.com

ماوەیەکە..

لەم وولاتە خۆر هەڵنایێ...

پرچی گەشی

بەسەر خاکدا شانە ناکا...

**زانایانی فەلەك**

مشت و مڕیان بوو

بێ خۆرچی بکەین

چۆن بتوانن

ڕووناکیەك دروست بکەن

هاوتەریبی ڕۆژانی ڕۆتین بێ

**خاك**

شاخ..دۆڵ..دەشت

دڵی یەکتریان دەدایەوە

کرنۆشیان بۆ یەکتر دەبرد

ئاوێتەی ڕەنگی زەردی

یەکتر دەبوون...

**گۆڕستان**

قەبرەکان..

تێکڕا هەڵسابوونەوە سەرپێ

بەخێر هاتنی

میوانەکانیان دەکرد..

**ئەستێرە**

تریسکەی..خۆشیان

دەڕشتە سەر سیمای خاك و

بەڕووی یەکتر

پێدەکەنین...

## مانگ

بە تریفەی خۆی دەنازی

بە ئەستێرەکانی دەگوت

وەرن پرچم شانە کەن

من لە هەمووتان..جوانترم.!

## درەخت

گەلاکانی بۆ شەپۆلی

ئەم تیشکە دەگریان

کە هەموو ڕۆژ

ئاسۆیان بە جوانی خاك

شاد دەکرد...

## بانگەواز

کاتێ زانایاتی فەلەك

بڕیاری ئەوەیان دەرکرد

جەنابی خۆر..بەڕێوەیە

هەموو شتێ..شاگەشکە بوو..!

## ئاگاداری

لەگەڵ هەڵاتنی خۆر

خاك بە جوانی

هەموو شتێ شاد بوو

وەرە گوڵم..

با من و تۆش

لە ژێر شەپۆڵەکانی خۆردا

بە ئامێزی..یەکتر شاد بین...!